



## بۆ بەرێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## ب/ را پۆرتی لیژنەی ناوخۆ

ماوەیەکە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆمبارانی ناوچەکانی هەردوو قەزای سۆران و رواندزیان کردوە و لەئەنجام دا چەندین زەرەرو زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتوەتەوە بێجگە لە ئاوارە بوونی خەڵکێکی زۆر لە گوندەکان و کۆچەرەکان و خاوەن باخ وهەنگەوانەکان و بێستانەکان لیژنەی ناوخۆ بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگادار بوون لە ڕوش و گوزەرانی ناوچەکە و خەڵکەکەی رۆژی 2011/8/23 سەردانی شاری سۆرانی کرد و لە باڵە خانەی قائمقامیەتی سۆران کۆبوونەوەیەکی چڕو پڕیان ئەنجام دا لەگەڵ هەردوو قائمقامی سۆران و رەوادنز و بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان،بەمەبەستی لێکولێنەوە لە بوردومانەکانی فرۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا بۆ  ناوچەکەو ئەو ئاسەوار و زیانانەی کەبەر هاولاَتیانی بێدفاعی مەدەنی کەوتووە.

لەتەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکەدا هەردوو قائمقامی بەرێز ڕاپۆرتی خۆیان بەتێروتەسەڵی پێشکەش بە لیژنەکە کرد کە هاوپێچ کراوە لەگەڵ راپۆرتەکەدا.

پاشان بەمەبەستی لێکۆلینەوەی مەیدانی لەڕووداوەکە لیژنەی ناوخۆ هاورێ لەگەڵ قائمقام و بەرێوەبەری ناحیە و بەرپرسە ئەمنەکان سەردانی گوندەکانی بناری قەندیلیان کرد کە دەکەوێتە سنوری ناحیەی وەرتێ سەر بە قەزای رەواندز لە دۆڵی خانەقا کە گوندەکانی(چێنران،بەرگرکە،پردەشاڵ سەرویان)کە خەڵکی گوندەکانی(بوکریسکان و زارگەڵی و پردەشاڵی سەرویان)بەسەر دابەش بون کە نزیکەی(120)ماڵی ئەو بنارە لەم گوندانەن کە بەراستی لە بارو گوزەرانێکیناهەموار و نالە باردا بون،لە قەراغ روبارو بن دار و دەرختی کەل و پاڵی ماڵەوەیان لە زەوی فریداوە.

لەو شوێنانە لەگەڵ هاوولاَتیانی ئاوارە بوویی گوندە چۆڵکراوەکانی بناری قەندیل کۆبووینەوە و سەرەتا لەلایەن لیژنە نیگەرانی خۆمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانمان پێ ڕاگەیاندن ئنجا گوێبیستی ڕاو پێشنیار و داواکاری ئەوان بووین کە دە کرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوە ریزبەندیان بکەین.

1. داواکاری ئەوەیان هەبوو کە چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ خەڵکی تەواوی ئەو گوندانەی ساڵانە بەر شاڵاوی بۆر دومان و تۆپ بارانی هەردوو وولاّتی کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆماری تورکیا دەکەون بکرێت،بەتایبەتی لەم وەرزەی ئێستا کە بەرە و وەرزیی سەرما و سۆڵە دەچن و خودی ناوچەکە سارد و کوێستاناویە.
2. داوایانکرد ئەگەر حکومەت نەیتوانی بە شێوەیەکی بنەرەتی چارەسەری کێشەکە بکات بیر لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی بۆ کێشەی نیشتە جێبونیان بکرێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان.
3. لەبەر ئەوەی منالە کانیان لە قوتابخانە دەخوێنێن گرفتیان بۆ دێتە ئاراوە ئەگەر بەر لە دەست پێ کردنوەی ساڵی خوێندن ڕەوشەکە ئاسای نەبێتەوە.
4. ڕای خەڵکەکە بەگشتی ئەوەیەکە کۆمەك و هاوکاری ڕێکخراوەکان نەبێتە بەدیلی هاوکاری و حکومەتی هەرێم بۆ قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوان و چارە سەر کردنی کێشە کانیان.
5. تۆپ بارانەکە لە کاتێك دایە کە خەڵکی گوندەکان لە سلفەی عقار سوود مەند بوونە وبۆ خۆیان خەرێکی دروست کردنی خانووبەرەن کەچی ناچار لەبەر ئەم بۆردومانانە پروسەی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان لەو ناوچانە پەکی کەوتووە،کە خەڵکە کە زور لەمێژە چاوەریێ ئەم دەرفەتەبوون بۆ بوژاندنەوەی گوندەکانیان.

*** داواکاری و پێشنیارەکانی لیژنە:**

1. ئیدانە کردن و مەحکومکردنی پێشلکردنی سەروەری دەوڵەتی عیراق و بوردومانکردنی ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە.
2. داوا لە حکومەتی فدراڵی عیراق بکرێت کە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام بدات و بڕیارێکی گونجا و وەربگرێت لە بارەی پێشێل کردنی سەروەری دەوڵەتی عیراقەوە لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا،چونکە ئەم دەست درێژیانە هەرەشەیە بۆ ئاشتی و ئاسایش هەرێمی کوردستان کەبە شێکە لە ئاشتی و ئاسایشی نیودەوڵەتی،بەپێی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لەولاتەیەك گەرتوەکان مافی عیراقە.
3. داوا دەکەین هەرچی مولگەی سەربازی و هەواڵگری ولاّتانی دراوسێ هەیە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان نەمێنن و بگەرێنەوە سەر خاکی خۆیان و ریز لە سەروەری هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ.
4. تۆمار کردنی سکالاّ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دژ بە دەوڵەتی ترکیا لە داداگای لاهای نێو دەوڵەی و نەتەوە یەك گرتوەکان.

5. حکومەتی ترکیا داوای لێبوردن لە حکومەت و گەلی کوردستان بکات و قەرەبویی خێزان و خەڵکە زیان لێکەوتوەکان بکاتەوە.
6. داوا لە لایەنە پیوەندیدارەکانی کێشەکە(حکومەتی ترکیا و پارتی کرێکاران)دەکەین چارەسەری کێشەکانی بەریگای دیالوگ و سیاسی بکەن لە چوار چێوەی خاك و وولاتی خۆیاندا و هەرێمی کوردستان بەکار نەهێنن بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەکانیان.
7. داواکارین لە سەرۆکی هەرێم و حکومەتی هەرێم کوردستان هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەکی ریشەیی بۆ ئەم کێشە سنوریانە لە رێگەی حکومەتی فیدرالەوە.
8. حکومەتی هەرێم چاو خشاندنەوە و پیا جونەوە بە پەیوەندی و سیاسەتە ئقلیمەیەکانی بکات.
9. داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەخیرایی بچێت بە هانای خەلکە ئاوارە وزیانلێکەوتوەکانی ناوچە بۆر دومانکراوەکانەوە وقەربوی زیان لێکەوەتوەکان بکاتەوە چارەسەری گرفتە تەندروستیەکان و خزمەتگوزاریەکانیان بکات.
10. سەروکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانی خۆی چڕبکاتەوە بۆ قەناعەت پێهێنانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق هەتا حکومەتی فیدرال ناچاربکات بەپێی مادە دەستوریەکان ماددەی(110)بۆ دوزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ ئەم کێشانە.

* <u>تێبینی</u>: ئەمەی خوارەوە زانیاری و داتاکانن لەمەڕ تۆپباران و بۆردومانەکە:

1. ژمارەی شەهیدەکان تائیستا(12)شەهیدە.
2. (670)خیزانی ئاژەڵدار ئاوارە بون لە سنوری ناحیەی سیدەکان.
3. (500-600)هەنگەوان هەنگەکانیان بەجێهێشتوە.
4. نزیکەی(400)ماڵ بێستانەکانیان جێهشتوە.
5. (121)ماڵ لە سنورە ناحیەی وەرتێ ئاوارەبون.
6. لە سنوری قەزای پشدەر خەڵکی گوندەکانی ناو دەشت(انزە و لیوەژ وکۆمتان)ئاوارەبون.

لەگەڵ رێزمان......

| | | |
|---|---|---|
| **قادر حسن قادر** | **سمیر سلیم امین** | **اسماعیل محمود عبداللە** |
| **بڕیاردەر** | **ئەندام** | **سەرۆك** |

| | |
|---|---|
| **نەریمان عبداللە قادر** | **کاروان صالح احمد** |
| **ئەندام** | **ئەندام** |